# جینیڤەر لۆرینیس سینگل نەما

کچە شۆخ و ئەکتەری ئەمریکی، جینیڤەر لۆرینس، خۆی لە سەرمای زستانە بە دوور کرد و لە سەنگڵییەوە خۆی کرد بە دووانە، دوای ئەوەی داواکاری زۆری هەبوو، کە کوڕانی ئەکتەر خۆزگەیان بە هاوژینی لەگەڵ جینیڤەر دەخواست، کەچی جینیڤەر پیاوێکی بیزنسمانی هەڵبژارد، هاوسەری جینیڤەر (کۆك مارۆنی)یە، کە کاری بیزنس دەکات، ئاهەنگەکەیان لە کۆشکی (بیلکۆر ئۆف نیوپۆرت) لە شاری بوپۆرت لە ویلایەتی ڕۆدئایلاند) بەڕێوەچوو، مێژووی کۆشکەکە بۆ سەدەی (١٦) دەگەڕێتەوە، لەلایەن هاوسەری جینیڤەرەوە کڕاوە، رووبەری کۆشکەکە (٢) هەزار پێی چوارگۆشەیە، ئاهەنگەکەش بە ئامادەبوونی (١٥٠) میوانی تایبەت کە زۆربەیان ناسیاو و هاوڕێی جینیڤەر و هاوسەرەکەی بوون، بەڕێوەچوو.






# بەرزترین خۆهەڵدان

زۆربەی مرۆڤ لە خۆهەڵدانی نزم دەترسن، تەنانەت هەندێ جار بە هۆی خۆ هەڵدانێکی سادەوە دەکەون و تووشی کارەسات دەبن، ئەوەی دەیبینن سەرکێشێکی سەر شێتە، کە بە داری (پۆگۆ)، کە جۆرە دارێکە بۆ هەڵپەڕین و یاری کردن بەکاردێت، ئەو کوڕە ناوی (داڵتۆن سمیت)ە، لە منداڵیەوە خووی بەو جۆرە یارییە و سەرکێشییە گرتووە، تا دواجار توانی ناوی لە کتێبی گینیس تۆمار بکرێت. لە نمایشێکی بچووکدا کە بە ریزکردنی (٢) ئوتۆمبێلەوە بوو، داڵتۆن رایگەیاند کە دەتوانێت بە دارە بچووکەکەی بەسەر هەر سێ ئوتۆمبێلەکە بفڕێت و بەبێ ئەوەی کێشەیەك رووبدات، زۆربەی ئامادەبووان و وێنەگران، داڵتۆنیان لەو مەترسییە ئاگادار کردەوە، ئەویش سەرکێشییەکەی زیاتر کرد و بڕیاریدا کە (٢) ئوتۆمبێلەکە بکرێتە (٣)، دوای ئەوەی چەندین جار توانی بەسەر هەر سێ ئوتۆمبێلەکە خۆهەڵبدات و بفڕێت.

# کۆشکی خۆشبەختی


یەکێکە لە کۆشکە بە ناوبانگەکانی جیهان و دەکەوێتە وڵاتی ئازربێجان، چیرۆکی ئەو کۆشکە لە داستانێکی ڕۆمانسی و تراژیدییەوە سەری هەڵداوە، وەك دەوترێت دوای ئەوەی کەسێك بە ناوی (مورتەزا موختارۆف) ئەو کۆشکە دەکرێت، هەواڵی مردنی هەردوو کچەکەی پێ دەگات، ئەو پیاوە مردنی کچەکانی دەخاتە ئەستۆی خێزانەکەی، هەر بۆیە ژنی دووەم دەهێنێت کە ئافرەتێکی ئیتاڵییە بە ناوی (لیزا)، لەسەر داوای لیزا کە لە ساڵی (١٩٢٠) ئەو کۆشکە دروست کراوە، تا ئێستاش ماوە، کۆشکەکە نهێنیی قوربانیدانی لەسەرە، چونکە وەك ئەوەی کە باس دەکرێت هەر کەسێك ببێتە خاوەنی ئەو کۆشکە، یان دەمرێت، یانیش خۆی دەکوژێت، دوایین کەسییش کە بووە خاوەنی کۆشکەکە، دوای دوو مانگ لە خاوەندارێتی کردنی ئەو کۆشکە خۆی کوشت.



# فیستیڤاڵی کریسمس لە کوردستان



بەر لە هاتنی ساڵی تازە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان شەقام و شوێنە گشتییەکان بە گوڵ و رووناکی و ئێکسسواری تایبەت بە سەری ساڵ و کریسمس دەڕازرێنرێتەوە، لە کوردستانیش وەك هەر وڵاتێکی جیهان، بەر لە چەند رۆژێك لە هاتنی سەری ساڵەوە، فیستیڤاڵی کریسمس لە شاری هەولێر لە ئیمپایەر کرایەوە، فیستیڤاڵەکە سەر لە ئێوارەوە دەست پێدەکات تا درەنگانی شەو بەردەوامە، لە ئێستاوە تا (٧-١-٢٠٢٠) بەردەوام دەبێت، لە فیستیڤاڵەکەدا چەندین کۆشك و شوێن دانراون، کە خواردن و کەرەستە و جل و بەرگ و خشل و کەرەستەی سەری ساڵ دانراون، جگە لەوەش سانتا کلۆزی کوردی لە کۆشکێك دانیشتووە، تا خەڵك وێنەی لەگەڵدا بگرن، کەشێکی قەشەنگ و پڕ لە رووناکی و بریسکەی گلۆپ و دارەکانی کریسمس، شوێنەکەی زیاتر رازاوەتر کردووە، شەوانە خەڵکی بیانی و خەڵکی کوردستان سەردانی ئەو شوێنە دەکەن، جگە لەوەی خواردنەکان نۆش دەکەن، هەروەها وێنەی یادگاری و سێلفی و سنابی کچانە شوێنەکەی گەشاوەتر کردووە.







## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە ڕووبەڕوو بە سۆزن و لە پشتەوە خەنجەری ژەهراویت لێ دەدەن.



## پوختەی فیلم

جومانجی - قۆناغی داهاتوو Jumanji: The Next Level

دوای ئەو سەرکەوتنە بێشومارەی لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەم بەدەستی هێنا، فیلمی جومانجی لە بەشی سێیەمدا و بە دیمەنە جوانەکانی هەوادارانی سەرسام کرد، فیلمەکە باس لە هەرچوار کەس دەکات، کە ڕووبەڕووی تێکشکان و لەناوچوونی یارییەکە دەبنەوە، دواتر یارییەکە ڕزگار دەکەن، فیلمەکە لە فەرمنسا کاری لەسەر کراوە، لە دەرهێنانی (جاک کاسدان)ـە و بودجەی فیلمەکە (٥٢) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (دواین جۆهانسن، کارین گیلین، کیڤین هارت)ـە.



## قوربانیکردن بە چاندنی درەخت بۆ منداڵانی کچ

لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی هیندستان زیاتر گرنگی بە منداڵی کوڕ دەدرێت و، ئەوانەی منداڵی کچیان دەبێت، هێندە گرنگییان پێ نادەن، بەڵام ناوچەیەکی ئەو وڵاتە کە بە (ڕاجستتهان) ناسراوە، بە پێچەوانەی نەریتی وڵاتەکەیان هەڵسوکەوت دەکەن، هەرکاتێك کچێکیان ببێت، کەسوکاری کچەکە و خەڵکی ناوچەکە (١١١) دار دەچێنن، ئێستا ناوچەکەیان بۆتە خۆشترین و پاکترین شوێن لە هیندستان بەهۆی بوونی ئەو ڕێژە دارە زۆری کە بۆ لەدایکبوونی کچ چێندراون، بەهۆی ئەوەی پێیانوایە کچان لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە دەبنە مایەی خێر و خۆشی و ژینگەیەکی پاك بۆ وڵاتەکەیان، ئەو هەنگاوەشیان بۆتە جێگەی سەرنجی دەسەڵاتدارانی هندیستان، ئەو نەریتە سەدان ساڵە هەیە و تا ئێستاش بەردەوامە، بە مانای ئەوەی لەدایکبوونی کچ واتە خێر و خۆشی و ئاوەدانی.

## بیرکردنەوە و فەلسەفە



### ڕاستی و جوانی شتەکان دەگۆڕێن ؟!

پلاتۆن، یان (ئەفلاتوون) یەکێك بوو لە قوتابییەکانی سوکرات، ئەوکاتەی سۆکراتس ژەهر خواردکرا ئەو تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو، پلاتۆن توانی ساتی ژەهرخواردنەکە و دەربڕینەکانی سوکرات بنووسێتەوە، ئەوەش خەڵکی ئەسینای دڵخۆش کرد، چونکە دوای مردنی سوکراتس پلاتۆن قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی لە دەرەوەی ئەسینا دامەزراند و بەناوی یەکێك لە فەیلەسووفەکان ناوی نا (ئەکادیمۆس) دوای ئەوە ناوی قوتابخانەکەی گۆڕی بۆ ئەکادیمیا. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین پلاتۆن بایەخی بە پەیوەندیی نێوان شتە نەمر و نەگۆڕ و شتە کاتییەکان دەدا،

## نــوکتــە

کەسێك لەسەر ستوونێك
نەیدەتوانی بێتە خوارەوە،
کەسێکی دیکە لەولاوە هات و
گوریسێکی بۆ هەڵدا و گوتی:
خۆتی پێوە بگرە، بە گوێی کرد
و دەستی بە گوریسەکەوە گرت،
کەسی دووەم ڕایکێشا و کەوت و
مرد، گوتیان: بۆ واتکرد؟ ئەویش
گوتی: بەم شێوە چەندین کەسم لە
ناو بیر دەرهێناوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێ لە هەڵەکانی ڕابردووت وایان کردووە کە تووشی ئەم کێشانەی ئێستات بیت، بۆیە گلەیی لە کەس مەکە و بە جوانی سەرنجی کارەکانت بدە، تا هەڵەکان دووبارە نەبنەوە. لەلایەنی سۆزدارییشەوە لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆزن و لە دڵی یەکتردان، هەوڵمەدە لێی دووربکەویتەوە،چونکە کەسێکی شیاوە بۆت، کەسایەتیت بەرزە و پێویستە زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

سەبارەت بەو کەسەی کە ماوەیەکە بێزارت دەکات، بڕیارێکی درووستت دا، بۆ ماوەیەکی زیاتر فەرامۆشی بکە و لێگەڕێ تا ئەو کاتەی لێت تێ دەگات، پەلەکردن لە کارەکانت ئەنجامەکانی باشی نابێت، بۆیە بە ئارامی کارەکانت جێبەجێ بکە و زیاتر خۆت بۆ ئەندامانی خێزانەکەت بسەمێنە و متمانەیان بەدەست بهێنە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی کە ماوەیەکە بەرۆکت بەر نادەن، هەست بە شەکەتی و بێزاری دەکەیت، پێویستت بە ڕاوێژی کەسێکی نزیکی خۆت هەیە، تا لەو گرفتانەی تووشت بوون هاوکاریت بکات، ڕابردوو ئەوەندە بە قورسی وەرمەگرە و تەنیا بیر لە داهاتوو بکەرەوە، ئەوەی بە ئایندەت دەگەیەنێت، تەنیا گەشبینییە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

جیاکاری نێوان کەسانی بەرژەوەندی خواز و کەسانی ڵسۆزت بکە، هەموویان تێکەڵ مەکە و هەمان مەمەڵە لەگەڵ هەموویان مەکە، تا دەتوانی خۆت لە کێشەی کەسانی دیکە بە دوور بگرە، چونکە ڕەنگە یارمەتی کەسێکت دابێت و بە خراپە بۆت گەڕابێتەوە، بەهۆی میهرەبانیتەوە لە هەستی کەسانی دیکە دەگەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

تەنیا کارە خراپەکانی کەسێك لەبەرچاو مەگرە، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنێکی ژیانی ببینیت و بە جوانی لێی تێ بگەیت، نابێ تەنیا بەرژەوەندی خۆت بوێت و لەگەڵ هەر جیاوازییەکی بیروڕادا ئەو کەسەی کە لێت نزیکە فەرامۆشی بکەیت. بۆ داهاتووت ژیرانە بیر دەکەیتەوە، بۆیە سەرکەوتن چاوەڕێت دەکات.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بە پەلە بڕیاری چارەنووسساز مەدە، باش بیری لێ بکەرەوە و پاشان ئەنجامەکانیش بهێنە پێش چاوی خۆت بۆ ئەوەی دواجار پەشیمان نەبیتەوە، هەنگاوێکی سەختت لەپێشە تا بە کارەکانت بگەیت، لە هەوڵدان دڵسارد مەبە و گەشبین بە. کەسانێکی نزیکت پێویستیان بە یارمەتی هەیە، تۆش هاوکارییان بکە.



## پەند و وتە

دانیێل کلیمێنت دینیت، نووسەر و فەیلەسووفی ئەمریکی، کە لە ساڵی (١٩٤٢) لە بۆستن لە دایکبووە، دەڵێت: «ئەگەر دەسەڵاتی جیهان بگرمە دەست، لە تاو فێرکردن و پەروەردەکردنی هەڵە و نەشیاو سەرەتا هەوڵی ڕزگارکردنی منداڵان دەدەم، دواتر بە زانست و زانیاریی دروست عەقڵیان دەکەمەوە».




## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا، کەسێك هەیە لە دوورەوە وەستاوە و دار و دیواری دەوروبەری وەك خواروخێچ وایە، هەوڵبدە بزانیت کە وێنەکە بەو جۆرە نەخشێندراوە، یان دیوارەکان بە خواری دروست کراون.

# زەماوەند و هاوسەرگیری لە نێو زەریادا

ئەو شوێنە دەکەوێتە کەناری (مالدیڤ) لە کیشوەری ئەفریقیا ناو زەریای هیندی، کە شوێنێکە سەراپای هەر چوار وەرزی ساڵ، فێنك و دڵڕەفێنە، بۆیە ئەو شوێنەیان هەڵبژاردووە کە گوزارشت لە هاوسەریەتییەکی پاك و ڕەوان بکات، ئەو شوێنە تایبەت بۆ ڕۆژی هاوسەری دروست کراوە، کە خانووێکە و ڕووبەرەکەی (١٤٧) مەتر دووجا دەبێ، لە ڕێگەی بەلەم و کەشتییەوە دەگەیتە ئەو شوێنە، شوێنی تەنیا (١٦ تا ٢٠) کەس دەبێتەوە، دەوروبەری ئەو خانووە ئاوێکی ساف و شین و جوانە، لەوێوە هاوسەران وێنەی ڕۆژی زەماوەندیان دەگرن و لەگەڵ نزیکانی خۆیان ئەو ڕۆژە بە خۆشی و لە نێو زەریادا بەڕێ دەکەن.



جیهانی ئەندێشەی بەلاوە گرنگ بوو، دەیگوت هەموو شتەکانی سرووشت کە هەستیان پێ دەکەین گرنگن و شیاوی گۆڕانکارین، واتە لە دیدی ئەوەوە هیچ مادەیەکی بنچینەیی بوونی نییە کە شیاوی هەڵوەشاندنەوە و فەوتان نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەیوت تەواوی ئەو شتانەی سەر بە جیهانی هەستن لە مادە دروست بوون و بە تێپەڕبوونی کات دەفەوتێن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەموو شتێك لەسەر فۆڕمی هەتا هەتاییەوە هاتۆتە بوون کە نەمر و نەگۆڕە، هەر بۆیە بەوە نموونەی دەهێنایەوە کە بۆچی هەموو ئەسپەکان وەك یەکن؟! لەوانەیە ئێستا وا بیربکەیتەوە وەك یەك نەبن، بەڵام شتێك هەیە لە نێوان هەموو ئەسپەکاندا هاوبەشە، شتێك وا دەکات هەرگیز گرفتمان نەبێت لەوەی پەنجە بۆ ئەسپێك ڕادەکێشین، بێگومان ئەسپێکی دیاریکراو دەگۆڕێت و پیردەبێت و شیاوی لەنگبوونە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیشدا نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، بەڵام شێوەی دروستبوونی ئەسپ نەگۆڕ و نەمرە. بە واتایەکی دیکە پلاتۆن دەیوت ئەو شتەی نەگۆڕە و نەمرە مادە بنەڕەتییە فیزیاییەکە نییە، بەڵکو شتێکە ڕۆحییە و هەموو دیاردە سرووشتییەکانی لەسەر دروست کراوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گرنگیی تەواو بە یەکێك لە کارەکانت بدە، چونکە ئەگەر لە یەك کاتدا تەرکیز لەسەر کۆمەڵێك هەنگاو بکەیت، ئەو کاتە خراپ دەشکێتەوە و ئەنجامەکانت بە دڵ نابێت، هەوڵبدە هەمیشە بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێت و کارەکانی ئێستاش لە دەست نەدەیت و پارێزگاریان لێ بکەیت، ئەگەر نا ئەوەشی کە ئێستا هەتە لە دەستی دەدەیت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بە هەوڵی خۆت توانیوتە بگەیتە ئەو پێگە و شوێنگەی کە هەتە، مەهێڵە کەسانی دیکە جێگەت بگرنەوە و کاری خۆت بە کەس مەسپێرە، ئەوەندەش گرنگی بەکەسێك مەدە کە قەدرمانەوو بوونت نازانێت، وا چاکە هەوڵی زیاتر بدەیت تا متمانەی زیاتر بەدەست بهێنیت، پێویست ناکات ڕەشبین بیت، تەنیا چاوکراوە بە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

وا بیردەکەیتەوە کە بیرۆکەکانت باش نین و گومان لە لێهاتوویی خۆت دەکەیت، پێت وایە کارەکانت سەرناگرن و شکست دەهێنیت، بەڵام ئەو پێشبینییە هەڵەیە و دەبێ هەوڵی خۆتی بۆ بدەی و زیاتر لەسەر کارەکانت بەردەوام بیت، هەست بە کەسی بەرامبەرت بکە، چونکە شایستەی ئەوەیە لێت نزیك بێت.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتێك لەگەڵ کەسانی نزیکت مامەڵە دەکەیت، هەوڵبدە سادە بیت با ئەوان وا هەست نەکەن کە کەسێکی لە خۆباییت و خۆت لە سەرووی ئەوانەوە داناوە، ماوەی داهاتووت دژوار دەبێت و کێشەت لەگەڵ کەسێکدا زیاتر دەبێت، پێویستە بە هێمنی و لەسەرخۆ چارەسەری کێشەکان بکەیت، تا کایگەریی خراپ لەسەر ئایندەت دا نەنێن.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

پێشبینی هەموو ئەنجامەکان بکە با لە داهاتوودا تووشی کێشە و گرفت نەبیتەوە، لەگەڵ ئەو کەسەی لە دڵتە کاری داهاتووت ئەنجام بدە و گرنگیی زیاتریشی پێ بدە و دڵخۆشبە بەوەی ئێستاپێی گەیشتوویت، چونکە هەر هەنگاوێك کە لە ئێستادا هەڵی بگریت، لە داهاتوودا دەبێتە بنچینە بۆ کارەکانت.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێویستە بۆ سەرکوتنی کارەکانت هەمیشە بڕوات بە خۆت هەبێت، ڕەنگە زۆربەی جار ئەنجامەکانت بە دڵ نەبن، بەڵام داهاتووت بەرەو باشی دەچێ. لەگەڵ کەسێکدا ناکۆکیتان هەیە و هۆکاریش کەسی بەرامبەرە، چونکە بە هەڵە لە هەندێ لایەنی هەڵسوکەوتەکانت تێگەیشتووە، تۆش هەوڵبدە ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بکەیتەوە.